**بەش:  باخچەی مندالان**

**کۆلێژ: پەروەردەی بنەرەتی**

**زانکۆ: سەلاحەددین**

**بابەت: ڕێبازی لێکۆڵینەوە**

**پەرتووکی کۆرس: قۆناغی سییەم**

**ناوی مامۆستا: د. تانیا نورالدین صابر**

**ساڵی خوێندن: 2023-2024**

# پەرتووکی کۆرس/ Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | ڕێبازی لێکۆڵینەوە |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | د. تانیا نورالدین صابر |
| 3. بەش/ کۆلێژ | پەروەردەی بنەڕەتی/ باخچەی مندالان |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: tanya.sabir@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: 07504523825 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | 3 سعات |
| 6. ژمارەی کارکردن | |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | - دەرچووی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ساڵی خوێندنی 2005-2006 لە زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، ماستەر لە ڕێگاکانی وانە وتنەوە بۆ ساڵی خوێندنی 2012-2013 لە زانکۆی سلێمانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، دکتۆرام هەیە لە زانکۆی سەلاحەددین لە بەشی زانستە دەروونی و پەروەردەییەکان لە کۆلێژی پەروەردە لە پسپۆری (ڕێگاکانی وانەوتنەوە). |
| 9. وشە سەرەکیەکان | عنوان البحث، منهج البحث، البحث العلمي، البحث التربوي، الباحث، اهداف البحث، أستبيان، البيانات، مشكلة البحث،مجتمع البحث، عينة البحث، ادوات البحث، المقاييس، الاختبارات. |
| 10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس: | |
| - پێشکەش کردنی بنەما وزانیاری گشتی و سەرەکی یەکانی تایبەت بە ڕێبازیتویژینە وە هەروەها گرنگی ئەم کۆرسە پیشاندان وخستنە ڕووی پێناسە و چەمکەکانی توێژینەوەی زانستی و ئەو لایانانەی کە ڕێبازی توێژینەوە گرنگی پێدەدەن وە ئاشنابوون بە گرنگی و تایبەتمەندی یەکانی توێژینەوە و لەگەڵ دەرخستنی ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە توێژەرو توێژینەوەدا هەبێت, هەروەها خستنە ڕووی قۆناغ و هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی. هەروەها گرنگی توێژینەوەی زانستی لە وەدایە کە پێویستە مامۆستا شارەزاییەکی زۆر باشی دەربارەی چۆنیەتی نووسینی توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی و تایبەتی هەبێت ، لەبەر ئەوەی تەوەرەی سەرەکی هەر پرۆسەیەکی وانە ووتنەوەی چاڵاکە وەکو چەکێك وایە بە دەستی مامۆستا کە دەتوانێ کاریگەری خۆی بە جێبهێڵێت لە سەر هەڵوێستە پەروەردەییەکان و فێربوون و دەرئەنجامەکانی ، ئەگەر هاتوو مامۆستا چەند شارەزا بێت لە پسپۆری خۆی سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت ئەگەر شارەزاییەکی باشی لە ڕێگاکانی وانە ووتنەوە نەبێت ، دەبێت قوتابی تەوەری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بێت .<br>فێرخواز تێگەیشتنێکی باشی دەبێت لەسەر چەمکە سەرەکیەکانی کۆرسەکە ، لەسەرەتادا باس لە ( توێژەرو زانست و توێژینەوەو توێژینەوەی زانستی) دەکرێ وەکو لایەنێکی زانستی وە چۆن توێژینەوە هەنگاو بە هەنگاو دەنووسرێت, ( تایبەتمەندی یەکان و سیفاتەکانی توێژینەوەی زانستی ) تێگەیشتنی فێرخواز بە چەمکی (ڕێبازی توێژینەوە) وە سوودی بۆفێرخواز چیە ، وە چۆنیەتی نووسینی توێژینەوە بە شێوازێکی ئەکادیمی ئاشنا بوونیان بەو کێشانەی کە لە کۆمەڵگاکەیان دا هەیەو درکی پێ دەکەن و دەتوانن توێژینەوەی لەسەر بکەن، چەمکی ( توێژینەوە) و مەبەستەکانی فێکردنی فێرخواز لەسەر | |

**چۆنیەتی نووسینی توێژینەوە بە شێوازێکی ئەکادیمی، ( توێژینەوەی زانستی خۆی لە چەندین قۆناغی جیاواز دەبینێتەوە، وە هەڵبژاردن و دیاریکردنی ( کێشە) بۆ توێژینەوەکەمان دوا بەدوای ئەمە دیاریکردنی ئامانج و گرنگی و سنوری توێژینەوەکە پاشان دیاریکردنی کۆمەڵگاو نموونەی توێژینەوەکە. بێگومان ئەو توێژینەوانەێ دروست دەکات لە نێوان قوتابی و ئەو کێشانەی کە لە دەوروبەری دا هەیە بەمەش قوتابی تێ دەگات لە کێشەکان و وە توانای دەبێت وەکو توێژەرێك چارەسەرێك بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە, ئەمەش وەکو گەشە پێدان وایە بە لایەنی پەروەردەی بۆ کەسایەتی فێرخواز ، وە شارەزابوونیان لە پەیڕەو کردنی توێژینەوە زانستی یەکانداا وە جێ بەجێکردنی ئەم رێبازە وە پراکتیزەکردنیان لە ژیانی پیشەی خۆیاندا.**

**11. ئامانجەکانی کۆرس:**

ئامانجەکانی ئەم کۆرسە بریتین لە ئاشنا بونی قوتابیان بە بابەتی تویذینەوەی زانستی وەهەروەها تێگەیشتنی چەمک و بابەت و هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی وە سودوەرطرتن لێیان. . وە هەروەها ئاشنا بوون بە ڕێبازی تویذینەوەی ئەروەردەيي بەهەموو جۆرەکانی تویذینەوەی ميذووی و وەسفي و ئەزموونطەريي وە ضۆنيەتی بەکارهێنانيان، هەروەك ئاشنا بوونی فێرخواز بە ضۆنيەتی ئامادەکردن و ئەنجام دانی تویذینەوە .

**12. ئەرکەکانی قوتابی:**

**قوتابی دەبێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێرێت لە ناو پۆلدا لە ڕێگای پابەند بوون بە وانەکان وگەڕان بە دوای سەرچاوە سەرەکیەکانی بابەتەکە و ەڵامدانەوەی پرسیارەکان و تاوتوێ کردنیان لەگەڵ مامۆستا و بەشداری کارایان لە وانەکان، ئەم بەشدارییە کارایەش بە ئامادەبوونی تەواوی قوتابی دەبێت لە وانەکان و ئامادەکردنی ئەو چالاکیانەی کە داواکراون پێی. هەر وەها ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی بچوک بە مەبەستی ئاشنا کردنیان بە هەنگاوەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی و خۆ ئامادەکردن بۆ توێژینەوەی دەرچوون.**

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە:**

وانەکان بەشێوازی تیۆری دەوترێتەوە بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت، هەروەها ووتوێژو کارکردن بە کۆمەڵ و چالاکی کرداری و تیشکخستنە سەر خاڵە گرنگەکان لەسەر تەختەی سپی، پێدانی پوختەی وانەکان بەشێوەی مەلزەمە بە قوتابییەکان.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

**. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

سیستەمی هەلسەنگاندن بەم ڕێگایانەی خوارەوە دەبێت:

- تاقیکردنەوە وەرزی:
  _ تاقیکردنەوة : 35
  5 نمرە دابەشدەبێت بە سەر: بەشداری ڕۆژانە و هۆم وێرک و کویز و ئامادەکردنی توێژینەوەکی بچوک.
  کۆی گشتی: ٤٠نمرە
- تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ ٦٠ نمرە

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

1. بەگەڕخستنی لێهاتوویان لە گفتوگۆکردن و بەهێزکردنی تواناکانیان بۆ دەربڕینی بیروڕای مانادار و زیرەکانە لە کۆمەڵگەدا.

2. بەکارهێنانی سەرچاوەی متمانەپێکراو بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە بە شێوەیەکی چالاك و ڕەخنەگرانە.

3. نیشاندانی توانا و کارامەیی گفتوگۆ و دانوستانی ئاشتیخوازانە لەگەڵ ئەوانی تردا.

| |
|---|
| 4. ئامادەکردن و ئەنجامدانی گفتوگۆی لۆجیکی کە سوودی بۆ کۆمەڵگە هەیە.<br>5. دەستنیشانکردن و شرۆڤەکردنی ئەو کێشانەی کە لە کۆمەڵگەدا تازە سەریان هەڵداوە، هەروەها سەیرکردنی خود وەك بریکارێکی چالاك بۆ چارەسەرکردنیان.<br>6. نیشاندنی کراوەیی لە بەرامبەر بیرورا جیاوازەکان و ئامادەیی بۆ گۆڕانکاری لەبیروڕای خۆیدا.<br>7. نیشاندانی مەریفە لە ناوەندەکانی فێربووندا بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ سوودی گشتی. |
| **16. لیستی سەرچاوە**<br><br>١- مناهج البحث العلمي في العلوم التربوية والنفسية أساليبها وتقنياتها (2010) , د.مفتاح محمد عبدالعزيز.<br>٢- سامی محمد ملحم (2005) ،مناهج البحث في التربية وعلم النفس ، دار المسيرة للنشر والتوزيع . الاردن<br>٣- عمار الطيب كشرود(2007)، البحث العلمى ومناهجه في العلوم الاجتماعية والسلوكية،دار المناهج للنشر والتوزيع-ليبيا<br>٤- طرق البحث التربوي, هادي مشعان ربيع, 2006م.<br>٥- مبادئ البحث التربوي، مساعد بن عبدالله النوح، 2004<br>5. منهج البحث الادبى , على جواد الطاهر . |

| **17. بابەتەکان** | **هەفتەکان** |
|---|---|
| توێژینەوەی زانستی-توێژەر-ڕێبازی توێژینەوەی زانستی-ئامانجی توێژینەوەی زانستی-تایبەتمەندیەکانی توێژینەوەی زانستی. | یەکەم |
| توێژینەوەی پەروەردەیی –گرنگی توێژینەوەی پەروەردەیی-ڕێبازەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی . | دووەم |

| | |
|---|---|
| سێیەم | جۆرەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی . |
| چوارەم | خەسڵەتەکانی تویژەری باش . |
| پێنجەم | رەگەزەکانی پلانی توێژینەوە . |
| شەشەم | دارشتنی پلانی توێژینەوە. |
| **حەوتەم** | ەهڵبژاردن و دارشتنی کێشەی توێژینەوە . |
| **هەشتەم** | دارشتنی گریمانە. |
| **نۆیەم** | جۆرەکانی سامپڵی توێژینەوە. |
| دەیەم | رێبازەکانی تووژینەوەی زانستی. |
| یانزەم | رێبازی مێژوویی. |
| دوانزەم | رێبازی وەسفی . |
| سێزدەم | رێباوی ئەزمونی. |
| **چواردەم** | چۆنیەتی نوسینی توێژینەوەی زانستی بە شێوەیەکی پراکتیکی . |
| | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| | فێربوونی چۆنییەتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ئەکادیمی، ئامادەکردنی پرزێنتەیشن و پێشکەش کردنی، دیزاین کردنی پۆستەری بۆنەکان، دیزاین کردنی پۆستەری ئەکادیمی، ئەنجامدانی دیبەیتی ئەکادیمی |
| | **19. تاقیکردنەوەکان**<br>**1. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.<br>لەگەڵ وەڵامی نموونەییان<br>نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت<br>**2. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.<br><br>**3. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت. |

| |
|---|
| 20. تێبینی تر |
| 21. پێداچوونەوەی هاوەڵ |